# فەزڵی (١٠) ڕۆژی یەکەمی مانگی حاجیان
# ئایا
# پێویستە چی تێدا ئەنجام بدات کەسی موسوڵمان

**وەرگێڕ/ زریان سەرچناری**

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ. وَأَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تَسْلِيمًا كَثِيرًا . أَمَّا بَعْدُ:

**بەڕاستی مانگی (ذِيْ الْحِجَّةِ) مانگێکی پیرۆزەو کاتوساتێکی مەزنە، چونکە مانگی ئەنجامدانی حەجی ماڵی خوایە، بۆیە مانگی لێخۆشبون و وەستانە لەسەر کێوی عەرەفات، ئەو مانگەیە کە موسوڵمانان لە خوای خۆیان نزیك دەبنەوە بە جۆرەها پەرستن، وەك حەج و نوێژ و ڕۆژو و ماڵبەخشین و قوربانی کردن و زیکرو یادی خواو پاڕانەوەو داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە.**

**بەتایبەتی (١٠)ڕۆژی سەرەتای ئەو مانگە هەر زۆر پیرۆزو بەبەرەکەتە، وە خوای گەورە بە** (الأَيَّامُ الْمَعْلُومَاتُ) **ناوی بردووە و دەفەرموێت:** (وَيَذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ فِي أَيَّامٍ مَّعْلُومَاتٍ)[1]

**واتە: با لە ڕۆژانێکی دیاری کراودا یادی خودا بکەن.**

**لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا "ئیبن عەبباس" دەفەرموێت:** (أَيَّامُ الْعَشْرِ) **واتا خوای گەورە مەبەستی لە(١٠) ڕۆژەکەی سەرەتای مانگی حاجیانە**(ذِيْ الْحِجَّةِ)**. بۆ ئەو تەفسیرە تەماشای تەفسیری** (ابن كثير) **بکە.**[2]

**تەنانەت خوای گەورە سوێندی خواردووە بەو(١٠) ڕۆژەی سەرەتای مانگی حاجیان**(ذِيْ الْحِجَّةِ) **و فەرمویەتی:** (وَالْفَجْرِ وَلَيَالٍ عَشْرٍ.)[3]

**واتە: سوێند بە سپێدە وە سوێند بە دەشەوی سەرەتای مانگی حاجیان.**

**هەر بۆیە ئەو (١٠)ڕۆژە لە هەموو ڕۆژەکانی تری ساڵ پڕخێرو بەرکەت ترەو ئەنجامدانی کردەوەی چاك تیایاندا خێری زۆر زیاترە لە کاتەکانی تر.**

---

١ ( الحج:٢٧)

٢ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ : الأَيَّامُ الْمَعْلُومَاتُ أَيَّامُ الْعَشْرِ وَالْمَعْدُودَاتُ أَيَّامُالتَّشْرِيقِ.

رواه الشَّافِعِيُّ بِسَنَدٍ صَحِيحٍ ، وَصَحَّحَهُ أَبُو عَلِيِّ بْنُ السَّكَنِ ، وَعَلَّقَهُ الْبُخَارِيُّ بِصِيغَةِ الْجَزْمِ .

٣ (الفجر:٢)

## هەندێك لە تایبەتمەندیەكانی ئەو(١٠)ڕۆژە:

**١-باشترین ڕۆژن لە ساڵەكەدا:**

**ئیمامی بوخاری لە كتێبە صەحیحەكەیدا بۆی گێڕاوینەتەوە لەو فەرمودەیەدا كە ئیبن عەبباس (رضي الله عنهما) دەفەرموێت: پێغەمبەرمان(ﷺ) فەرمویەتی:** (مَا الْعَمَلُ فِي أَيَّامِ الْعَشْرِ أَفْضَلَ مِنَ الْعَمَلِ فِي هَذِهِ. قَالُوا وَلاَ الْجِهَادُ قَالَ: وَلاَ الْجِهَادُ، إِلاَّ رَجُلٌ خَرَجَ يُخَاطِرُ بِنَفْسِهِ وَمَالِهِ فَلَمْ يَرْجِعْ بِشَيْءٍ.)

**واتە: هیچ خواپەرستیەك بە ئەندازەی خواپەرستی ئەو (١٠)دە ڕۆژە پاداشتەكەی گەورەنییە، گوتیان ئەی تێكۆشان لە پێناوی خوادا؟ فەرموی: تەنانەت تێكۆشانیش لە پێناوی خوادا پاداشتەكەی ناگاتە پاداشتی خواپەرستی ئەو (١٠)ڕۆژە مەگەر یەكێك بە سەروماڵەوە بچێت بۆ غەزاو شەهیدبكرێت و نەگەڕێتەوە.**

**كەواتە هەموو كردەوەیەكی باش لەو(١٠)ڕۆژەدا پاداشتی زیاترە لە ئەنجامدانی لە ڕۆژەكانی تردا، بۆیە هەركەسێك هەركردەوەیەكی چاك ئەنجامبدات، پاداشتەكەی بۆ چەندبارە دەكرێتەوە كە لە ڕۆژەكانی تری ساڵدا بەو شێوەیە پاداشتی لەسەر وەرناگرێت، ئیتر هەر كاروكردەوەیەكی باش بێت و چەندە گەورەشبێت هەر پاداشتی ناگاتە ئەو پاداشتە كە لەو(١٠) ڕۆژەدا ئەنجامبدرێت، كەواتە ئەگەر كەسێك هەستێت بە زیكر و ئەنجامدانی نوێژی چێشتەنگاوو و شەونوێژ و هەر كردەوەیەك لە كردەوە چاكەكان، ئەوا ئەنجامدانی هەمان ئەو كارانە لە(١٠)ڕۆژەكەی سەرەتای مانگی حاجیاندا**(ذِيْ الْحِجَّةِ) **پاداشتەكەی هێندە زۆرە كە بەهیچ شێوەیەك لە ڕۆژەكانی تری ساڵدا ئەو پاداشتە بەدەست نایەت.**

**لەو بارەیەوە ئیمامی**(أحمد)**و ئیمامی**(طَبراني) **گێڕاویانەتەوە كە پێغەمبەرمان(ﷺ) فەرمویەتی:** (مَا مِنْ أَيَّام أَعْظَم عِنْد اللَّه، وَلَا أَحَبّ إِلَيْهِ الْعَمَل فِيهِنَّ، مِنْ هَذِهِ الْأَيَّام الْعَشْر، فَأَكْثِرُوا فِيهِنَّ مِنْ التَّهْلِيل وَالتَّكْبِير وَالتَّحْمِيد.)[٤]

**واتە: هیچ ڕۆژێك لەلای خوای گەورە بە ئەندازەی ئەو (١٠)ڕۆژە گەورەنیـیە و كردەوەی چاكیش لە هیچ ڕۆژێكدا بە ئەندازەی ئەنجامدانی لەو (١٠)ڕۆژە لای خۆشەویستر نییە، بۆیە زۆر**"لا اله الا الله" **و** "الله اكبر" **و** "الحمد لله" **ی تێدا بكەن.**

**واتا ئەم زیكرە زۆر دوبارە بكەنەوە:** (سُبْحَانَ اللهِ ، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ ، وَلاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ، وَاللَّهُ أَكْبَرُ)

**٢- ڕۆژی وەستان لە كێوی عەرەفەی تێدایە:**

**خوای گەورە ئەو (١٠)ڕۆژەی شكۆمەندو بەڕێزكردووە بە سەر ڕۆژەكانی تردا بەوەی كە سوێندی**

---

٤ قال الشيخ شعيب الأرنؤوط : صحيح.

پێ خواردوون و فەرمویەتی: (وَالشَّفْعِ وَالْوَتْرِ.)[٥]

واتە: سوێند بە تاك و سوێند بەجوت.

بە گوێرەی ئەوەی کە لە کتێبی(مُسْنَدِ)ی ئیمام (احمد)دا هاتوە (الشَّفْعِ) واتا ڕۆژی عەرەفە و (الْوَتْرِ) واتا ڕۆژی چەژنی قوربان.

وە کە خوای گەورە دەفەرموێت: (وَشَاهِدٍ وَمَشْهُودٍ)[٦]

(شَاهِدٍ) واتا ڕۆژی جومعە وە (مَشْهُودٍ) واتا ڕۆژی عارفە. ئەم گوتەیەش لە (مُسْنَدِ)ی ئیمام احمد دا هاتووە.

وە هەر لە ڕۆژی عەرەفەدا خوای گەورە ئەو ئایەتە مەزنەی دابەزاند کە دەفەرموێت :

(الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْأِسْلامَ دِيناً)[٧]

واتە: وا ئەمڕۆ دینەکەتانم کامڵ کردوو تەواوی نیعمەتی خۆم پێدان، وە ڕازی بوم کە ئیسلام ئاینتان بێت.

ڕۆژی عەرەفە ئەو ڕۆژە پیرۆزەیە کە دینەکەمانی تێدا کامڵ بووەو نیعمەتی خواییمان بۆ تەواوبووە، وە ڕۆژی لێخۆشبوونی تاوانەکان و چاوپوشیە لێیان وە ڕزگار بوونە لەئاگری دۆزەخ، بە بەڵگەی ئەو فەرمودەیەی کە دایکمان(عایشە رضي الله عنها)بۆمان دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) کە فەرمویەتی: (مَا مِنْ يَوْمٍ أَكْثَرَ مِنْ أَنْ يُعْتِقَ اللّهُ فِيهِ عَبْداً مِنَ النّارِ، مِنْ يَوْمِ عَرَفَةَ. وَإِنّهُ لَيَدْنُو ثُمّ يُبَاهِي بِهِمُ الْمَلاَئِكَةَ. فَيَقُولُ: مَا أَرَادَ هَؤُلاَءِ) [٨]

واتە: هیچ ڕۆژێك نییە بە ئەندازەی ڕۆژی عارفە خوای گەورە بەندەکانی خۆی ئازاد بکات لە ئاگری دۆزەخ، وە خوای گەورە نزیك دەبێتەوەو شانازی دەکات بەبەندەکانیەوە لای فریشتەکان، وە دەفەرموێت ئەو بەندانەم جگەلەڕەزامەندی من چییان دەوێت؟

جا هەرکەس بە تەمای ڕزگار بوونە لە ئاگری دۆزەخ و هیوای بە لێخۆش بونی خوا هەیە لە ڕۆژی عارفەدا، ئەوا با ئەو هۆکارانە بگرێتە بەر بۆ بەدەست هێنانی ڕزگار بون لە ئاگری و لێخۆش بون لە تاوانەکانی.

فەرمودەی زۆر هاتوە دەربارەی سودو باشەکانی ڕۆژی عارفە لەوانە ئەو فەرمودەیەی (جابر)لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) بۆی گێڕاوینەتەوە کە فەرمویەتی" (مَا مِنْ أَيَّامٍ أَفْضَلَ عِنْدَ اللَّهِ مِنْ أَيَّامِ عَشْرِ ذِيْ

---

٥ (الفجر:٣)

٦ (البروج: ٣)

٧ المائدة:من الآية٣

٨ رواه مسلم

الْحِجَّةِ...فَلَمْ يُرَ أَكْثَرَ عَتِيقًا مِنَ النَّارِ مِنْ يَوْمِ عَرَفَةَ. [9])

**واتە: هیچ ڕۆژێك نییە بە ئەندازەی ئەو(١٠) ڕۆژەی سەرەتای مانگی**(ذِيْ الْحِجَّةِ) **باشتربێت...وە لە هیچ ڕۆژێكدا نەبینراوە بە ئەندازەی ئەو ڕۆژانە خوای گەورە بەندەكانی ڕزگار بكات لە ئاگری دۆزەخ.**

**هەروەها ئەو فەرمودەیەی (ئیمامی مالیك) گێڕاوێتیەوە كە پێغەمبەرمان(ﷺ) دەفەرموێت:** (مَا رُئِيَ الشَّيْطَانُ يَوْمًا هُوَ فِيهِ أَصْغَرُ ، وَلا أَدْحَرُ ، وَلا أَحْقَرُ ، وَلا أَغْيَظُ مِنْهُ فِي يَوْمِ عَرَفَةِ ، وَمَا ذَاكَ إِلا لِمَا يَرَى مِنْ تَنَزُّلِ الرَّحْمَةِ ، وَتَجَاوُزِ اللَّهِ عَنِ الذُّنُوبِ الْعِظَامِ ... [10])

**واتە: هیچ كاتێك شەیتان خۆی بەو شێوەیە نەبینیوە كە ئاوا ڕیسواو سەر شۆڕو دور لە ڕەحمەتی خواو بێڕێزو پەست بێت، وەك لە ڕۆژی عەرەفەدا پێی پیشان دراوە، ئەوەش تەنها لەبەر ئەوەیە كە دەبینێت ڕەحمەتی خوا چۆن دێتە خوارەوە، وە لەو ڕۆژەدا خوای گەورە لەو هەموو تاوانە گەورانە خۆش دەبێت...**

**هەروەها ئەو فەرمودەیەی كە(عەمرو ی كوڕی شوعەیب لە باوكیەوە ئەویش لە باپیرەیەوە) گێڕاوێتیەوە كە پێغەمبەرمان (ﷺ) دەفەرموێت:** (خَيْرُ الدُّعَاءِ دُعَاءُ يَوْمِ عَرَفَةَ وَخَيْرُ مَا قُلْتُ أَنَا وَالنَّبِيُّونَ مِنْ قَبْلِي لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ. [11])

**واتە: باشترین دوعاو پاڕانەوە پاڕانەوەی ڕۆژی عارفەیە وە باشترین گوتە كە من و سەرجەم پێغەمبەرانی پێش منیش هێناویانە، ئەم دوعایەیە** (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ.)

**هەروەها پاراستنی ئەندامەكان لە هەموو قەدەغە كراوێك چونكە لە** (مسند الإمام أحمد) **فەرمودەیەك هاتووە كە پێغەمبەرمان(ﷺ) دەفەرموێت:** (إِنَّ هَذَا يَوْمٌ"أَي يَوْمُ عَرَفَةِ"مَنْ مَلَكَ فِيهِ سَمْعَهُ وَبَصَرَهُ وَلِسَانَهُ غُفِرَ لَهُ.)([12])

**واتە: ئەمڕۆژە واتا ڕۆژی عارفە هەركەسێك بیستن و بینین و زمانی بپارێزێت تێیدا ئەوا خوای گەورە لێی خۆشدەبێت.**

---

٩ رواه ابن حبان في صحيحه و قال شعيب الأرنؤوط حديث صحيح إسناده قوي.

١٠ قال أيمن صالح شعبان أخرجه مالك (٩٧٣) عن إبراهيم بن أبي عبلة، عن طلحة عن عبيد الله بن كريز ، فذكره. وقال الزرقاني في «شرح الموطأ» (٥٢٤/٢)،وصله الحاكم في المستدرك عن أبي الدرداء.

١١ ( رواه الترمذي) أخرجه أبو داود ٨٥/٢ والترمذي ٥٦٩/٥ والحاكم وصححه ووافقه الذهبي ٥١١/١ وصححه الألباني . انظر صحيح الترمذي ١٨٢/٣ وجامع الأصول لأحاديث الرسول صلى الله عيه وسلم ٣٨٩/٤ - ٣٩٠ بتحقيق الأرناؤوط

١٢ رواه أبو داود الطيالسي وابن خزيمة والطبراني والبيهقي ، وأَبُو يَعْلَى وأحمد بن حنبل قال المناوى : بإسناد صحيح حسن. وقال شيخ شعيب الأرنؤوط إسناده ضعيف. و ضعفه الالباني.

**هەروەها بە ڕۆژو بونی ڕۆژی عارفە بۆ ئەو کەسەی کە لە حەج نییە، لەبەر ئەو فەرمودەیەی لە** (أبو قتادة)**وە گێڕدراوەتەوە پێغەمبەرمان(ﷺ) فەرمویەتی:** (صِيَامُ يَوْمِ عَرَفَةَ، أَحْتَسِبُ عَلَى اللَّهِ أَنْ يُكَفِّرَ السّنةَ الّتِي قَبْلَهُ. وَالسّنةَ الّتِي بَعْدَهُ.[١٣])

**واتە: بەڕۆژو بونی ڕۆژی عارفە خوازیارم لە خوای گەورە کە ببێتە مایەی سڕینەوەی تاوانی ساڵێکی پێشوو وە ساڵی داهاتووش.**

## ٣- لەو (١٠)ڕۆژەدا ڕۆژی قوربانی تێدایە:

**کە باشترین ڕۆژی ساڵە وەك** (ابن القيم" رحمه الله") **دەفەرموێت :** (خَيْرُ الْأَيَّامِ عِنْدَ اللَّهِ يَوْمُ النّحْرِ وَهُوَ يَوْمُ الْحَجّ الْأَكْبَرِ.[١٤])

**واتە: باشترین ڕۆژ لای خوای گەورە ڕۆژی قوربانە وە ئەوڕۆژە ڕۆژی حەجی گەورەیە.**

**لەو بارەیەوە فەرمودەیەك گێڕدراوەتەوە لە** (عبداللّٰەی **کوڕی** قُرْطٍ) **کە پێغەمبەرمان(ﷺ) فەرمویەتی:** (إِنّ أَعْظَمَ ٱلْأَيّامِ عِنْدَ الله يَوْمُ النّحْرِ ثُمّ يَوْمُ الْقَرّ.[١٥])

**واتە: مەزنترین ڕۆژ لای خوای گەورە یەکەم ڕۆژی قوربانە پاشان ڕۆژی دووەم.**

**جا برا و خوشکی موسوڵمانم کە فەزڵ و گەورەیی (١٠)ڕۆژی سەرەتای مانگی حاجیان** (ذِيْ الْحِجَّةِ) **بۆت ڕون بۆوە، پێویستە لەسەرت کە گرنگیەکی تایبەتی پێ بدەیت، وە سوربیت لەسەر ئەوەی کە بەرەنگاری نەفسی خۆت بیتەوە بە گوێڕایەڵی خوای گەورە، وە کاروکردەوە چاکەکان و بە هەموو جۆرە کانیەوە ئەنجام بدەیت تێیدا، چونکە حاڵی پێشینە چاکەکانمان بەو شێوەیە بووە لەو کاتوساتانەدا.**

---

١٣ ( رواه مسلم)

١٤ زاد المعاد في هدي خير العباد.

١٥ ( رواه الإمام أحمد وأبو داود وصححه الألباني)

( يَوْمَ الْقَرِّ ) بِفَتْحِ الْقَافِ وَتَشْدِيدِ الرَّاءِ وَهُوَ الْيَوْمُ الَّذِي يَلِي يَوْمَ النَّحْرِ سُمِّيَ بِذَلِكَ ؛ لِأَنَّ النَّاسَ يَقِرُّونَ فِيهِ بِمِنًى.

**هەروەها لەو کردەوە چاکانەی کە تایبەتن بە (١٠)ڕۆژی سەرەتای مانگی**(ذِيْ الْحِجَّةِ):

**١- بە جێ هێنانی حەج و عومرە:**

کە باشترین کارە ئەنجام بدرێت لە و مانگەدا و یەکێکە لە پایەکانی ئیسلام، هەرکەسێك خوا بۆی ئاسان بکات حەج و عومرە ئەنجام بدات بەو شێوەیە کە لەلایەن خواو پێغەمبەرەوە(ﷺ) ڕون کراوەتەوە ئەوە پاداشتەکەی تەنها بەهەشتە، بە بەڵگەی ئەو فەرمودەیەی پێغەمبەرمان(ﷺ) کە فەرمویەتی : (الْعُمْرَةُ إِلَى الْعُمْرَةِ كَفَّارَةٌ لِمَا بَيْنَهُمَا ، وَالْحَجُّ الْمَبْرُورُ لَيْسَ لَهُ جَزَاءٌ إِلاَّ الْجَنَّةَ.[١٦])

واتە: ئەنجامدانی عومرە بۆ عومرەی پێش خۆی دەبێتە سڕینەوەی تاوانەکان، وە ئەنجام دانی حەجێکی وەرگیراو هیچ پاداشتێکی نییە بەهەشت نەبێت.

**٢- نوێژ:** کە گەورەترین و بەڕێزترین پەرستنەو کۆڵەکەی دینەو لە پێنج پایەکەی ئیسلامە وەپاداشتێکی زۆر گەورەی هەیە، بۆیە پێویستە لەسەر موسوڵمان کە پارێزگاری لێبکات بە ئەنجامدانی لە کاتی خۆیداو بە جەماعەت، وە لەو ڕۆژانەدا پێویستە زۆر گرنگی بە نوێژە سوننەتەکانی بدات، چونکە باشترین پەیوەندیەو نزیك بونەوەیە لە خوای گەورە، ئەوەتا پێغەمبەرمان(ﷺ) لە خوای گەورەوە بۆمان دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی: (وَمَا تَقَرَّبَ إِلَيَّ عَبْدِي بِشَيءٍ أَحَبَّ إِلَيَّ مِمَّا افْتَرَضْتُ عَلَيهِ، وَمَا يَزَالُ عَبْدِي يَتَقَرَّبُ إِلَيَّ بِالنَّوَافِلِ حَتَّى أُحِبَّهُ.[١٧])

واتە: بەندەکانم بەهیچ شتێك خۆیانم لێ نزیك ناکەنەوە کە پێم خۆش بێت بە ئەندازەی خۆنزیك کردنەوەیان بە ئەنجامدانی فەرزەکان، وەبەردەوام بەندەکانم بە ئەنجام دانی سوننەتەکان خۆیان لێم نزیك دەکەنەوە هەتاکو خۆشم دەوێن.

**٣- ڕۆژو:** چونکە ڕۆژو یەکێکە لە کردەوە باشەکان و لە پێنج پایەکەی ئیسلامە، بەڵکو کردەوەیەکە لە کردەوە هەرەباشەکان، بە بەڵگەی ئەو فەرمودەیەی کە (هُنَيْدَةَ)ی کوڕی (خالد) لە خێزانەکەیەوە دەیگێڕێتەوە ئەویش لە هەندێك لە خێزانەکانی پێغەبەری بیستووە(ﷺ) کە فەرمویانە: (كَانَ رَسُولُ اللَّهِ "ﷺ" يَصُومُ تِسْعَ ذِى الْحِجَّةِ، وَيَوْمَ عَاشُورَاءَ وَثَلاَثَةَ أَيَّامٍ مِنْ كُلِّ شَهْرٍ.[١٨])

واتە: پێغەمبەر(ﷺ) هەر نۆ ڕۆژەکەی سەرەتای مانگی (ذِيْ الْحِجَّةِ) بەڕۆژو دەبوو، هەروەها ڕۆژی دەیەمی مانگی موحەرەم وە سێ ڕۆژ لە هەموو مانگێك بەڕۆژو دەبوو.

هەر بۆیە خوای گەورە ڕۆژوی داوەتە پاڵ خۆی و فەرمویەتی ڕۆژو بۆمنە وەك لەو فەرمودە قودسیەی

١٦ (رواه البخاري ومسلم عن أبي هريرة رضي الله عنه)

قَالَ اَلإِمَام **النَّوَوِيّ** وَالْأَصَحّ الْأَشْهَر أَنَّ الْحَجّ الْمَبْرُور الَّذِي لَا يُخَالِطهُ إِثْم مَأْخُوذ مِنْ الْبِرّ وَهُوَ الطَّاعَة وَقِيلَ : هُوَ الْمَقْبُول.

١٧ ( رواه البخاري عن أبي هريرة رضي الله عنه)

١٨ (رواه الإمام أحمد وأبو داود و قال الألباني : صحيح. )

**پێغەمبەرمان(ﷺ) لە خوای گەورەوە بۆمان دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی:** (كُلُّ عَمَلِ ابْنِ آدَمَ لَهُ إِلاَّ الصَّوْمَ فَإِنَّهُ لِي وَأَنَا أَجْزِي بِهِ.[19])

**واتە: ئەنجامدانی هەموو کردەوە چاکەکان لە لایەن نەوەی ئادەمەوە بۆ خۆیان تەنها ڕۆژو نەبێت کە بۆ منەو هەر خۆم پاداشتیان دەدەمەوە لەسەری.**

**هەوروەها پاداشتی ڕۆژو لەو فەرمودەیەدا باسکراوە کە** (أبي سعيد) **دەڵێت لە پێغەمبەرم بیستووە(ﷺ) کە دەیفەرموو:** (مَنْ صَامَ يَوْمًا فِي سَبِيلِ اللَّهِ بَاعَدَ اللَّهُ وَجْهَهُ عَنِ النَّارِ سَبْعِينَ خَرِيفًا.[20])

**واتە: هەرکەس تەنها یەك ڕۆژ لە پێناوی خوادا بەڕۆژە بێت ئەوا خوای گەورە چل (٤٠)ساڵ ڕوخساری دور دەخاتەوە لە ئاگری دۆزەخ.**

**بەڵام لە ڕاستیدا پێغەمبەرمان(ﷺ) بەڕۆژو بونی ڕۆژی عارفەی تایبەت کردوو بە و کەسانەوە کە لە حەج نین لەو دەڕۆژەدا و گرنگیەکی زۆری پێداوە، وەك لەو فەرمودەیەی پێشتردا هاتووە.**

**وە زۆربەی پێشینەکانمان هەر نۆ٩ ڕۆژەکە بەڕۆژوو بون، وەك** (عبد الله بن عمر، والحسن البصري، وابن سيرين ، وقتادة) **هەر بۆیە زۆربەی زانایان بەڕۆژو بونی هەر نۆ ڕۆژەکەیان بە باش زانیوە واتا "مستحب".**

**ئیمامی**(النووي) **دەربارەی بە ڕۆژو بونی ئەو(٩)ڕۆژە فەرمویەتی:** (فَلَيْسَ فِي صَوْمِ هَذِهِ التِّسْعَةِ كَرَاهَةٌ بَلْ هِيَ مُسْتَحَبَّةٌ اسْتِحْبَابًا شَدِيدًا لَا سِيَّمَا التَّاسِعَ مِنْهَا وَهُوَ يَوْمُ عَرَفَةَ وَقَدْ جَاءَتِ الْأَحَادِيثُ فِي فَضْلِهِ.[21])

**واتە : بەڕۆژو بونی ئەو(٩)ڕۆژە هیچ خراپیەکی نییەو بگرە زۆرزۆر خوازراویشە، بە تایبەتی ڕۆژی نۆیەم، کە ڕۆژی عارفە دەکات، لە ڕاستیدا فەرمودەی زۆر هاتوون لە بارەی باسکردنی فەزڵ و چاکەکانی.**

## ٤- زیکر بە شێوەیەکی گشتی و بە تایبەتی " التهليل والتكبير و التحميد "

**چونکە لەو فەرمودەیەدا هاتووە کە** (عبدالله **ی کوری** عمرﷺما) **گێڕاوێتیەوە لە پێغەمبەرەوە(ﷺ)کە فەرمویەتی:** (مَا مِنْ أَيَّام أَعْظَم عِنْد اللَّه، وَلَا أَحَبّ إِلَيْهِ الْعَمَل فِيهِنَّ، مِنْ هَذِهِ الْأَيَّام الْعَشْر، فَأَكْثِرُوا فِيهِنَّ مِنْ التَّهْلِيل وَالتَّكْبِير وَالتَّحْمِيد[22].)

**واتە: هیچ ڕۆژێك نییە کە بە ئەندازەی ئەو (١٠)ڕۆژە لای خوای باڵادەست گەورەترو خۆشەویستتر بن بۆیە ئێوەش زیکری زۆری تێدابکەن ، زیکری**( لا اله الا الله و اللّه اكبر و الحمد لله.)

١٩ (رواه الشيخان عن أبي هريرة رضي الله عنه)

٢٠ ( متفق عليه)

٢١ المنهاج شرح صحيح مسلم بن الحجاج للنووي.

٢٢ (رواه الإمام أحمد والطبراني)

بۆیە (ابن عمر) و(وأبو هریرة) لەو (١٠)ڕۆژەدا دەچونە بازارو (الله اکبر )یان دەکرد بەدەنگێکی بیستراو وەخەڵکیش کە گوێیان لێ دەبوو ئەوانیش (الله اکبر)یان دەکرد.

کەواتە لەسەر ئێمەی موسوڵمان پێویستە ئەو سوننەتە زیندو بکەینەوە کە لەم ڕۆژگارەکاندا بیرچۆتەوە، تەنانەت لەلایەن کەسە باشەکانیشەوە پشت گوێ خراوە، هەرچەندە دەربارەی گەورەیی زیکر فەرمودەی زۆر هەیە، وەك ئەو فەرمودەیەی کە (أبو الدرداء) لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) بۆمان دەگێڕێتەوە و دەفەرموێت: (ألا أُنَبِّئُكُمْ بِخَيْرِ أعْمالِكُمْ، وأزْكَاهَا عِنْدَ مَلِيكِكُمْ ، وأرْفَعِهَا فِي دَرَجَاتِكُمْ ، وَخَيرٍ لَكُمْ مِنْ إنْفَاقِ الذَّهَبِ والفِضَّةِ ، وَخَيْرٍ لَكُمْ مِنْ أن تَلْقَوا عَدُوَّكُمْ فَتَضْرِبُوا أعْنَاقَهُمْ وَيَضْرِبُوا أعْنَاقَكُمْ؟ قَالَوا : بَلَى ، قَالَ : ذِكر الله تَعَالَى.[٢٣])

واتە: ئایا پێتان بڵێم باشترین کردەوەتان چییە؟ وە پاکژترینیان لای خودای پادشاتان وە بەرزکەرەوەی پلەوپایەتان، کە باشترە بۆتان لە بەخشینی پارەو ئاڵتون، وە لەوەش باشترە کە بەرەنگاری دوژمنانتان ببنەوە و لە گەردنیان بدەن یان لە گەردنتان بدەن؟ گوتیان بەڵی پێمان بڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموی: (زیکرو یادی خوا.)

وە (مُعَاذُ بْنُ جَبَلٍ) فەرمویەتی: (مَا شَيْءٌ أَنْجَى مِنْ عَذَابِ اللَّهِ مِنْ ذِكْرِ اللَّهِ.[٢٤])

واتە: هیچ شتێك نییە بە ئەندازەی زیکرویادی خوا هۆکاری ڕزگاربون بێت لە سزای خوا.

وەهەروەها ئیمامی (تیرمزی) بۆی گێڕاوینەتەوە لەو فەرمودەیەی کە(عبد اللهی کوڕی بسر) دەڵێت کابرایەك هاتە لای پێغەمبەرو گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) شەریعەتی ئیسلام وا زۆر بووە لەسەمان و منیش کەسێکی بەتەمەنم شتێکم فێربکە کە دەستی پێوەبگرم و خۆمی پێوەپەیوەست بکەم، پێغەمبەرمان(ﷺ) فەرموی: (لَا يَزَالُ لِسَانُكَ رَطْبًا بِذِكْرِ اللَّهِ تعالى.) واتە بابەردەوام زمانت پاراوبێت بە زیکرو یادی خوا. چۆنێتی تەکبیرکردنیش لە و ڕۆژانەدا بەم شێوەیەیە: (اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ ، وَاللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ وَلِلَّهِ الْحَمْدُ.)

**٥- ماڵ بەخشین:** کە یەکێکە لە کردارە باشەکان و پێویستە موسوڵمان زۆر ببەخشێت لەو (١٠)ڕۆژەدا، چونکە خوای گەورە فەرمانی پێکردوین و هانی داوین بۆ بەخشینی ماڵ و سامان وەك دەفەرموێت: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ أَنفِقُواْ مِمَّا رَزَقْنَاكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَ يَوْمٌ لاَّ بَيْعٌ فِيهِ وَلاَ خُلَّةٌ وَلاَ شَفَاعَةٌ وَالْكَافِرُونَ هُمُ الظَّالِمُونَ.[٢٥])

واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە، لەوەی کە ڕۆزی ئێوەم داوە ببەخشن پێش ئەوەی ڕۆژێك بێت نە کڕین و فرۆشتنی تێدایە وەنە دۆستایەتی تێدایە، وە نە شەفاعەت کردن بۆتان سودی دەبێت، چونکە

---

٢٣ (رواه الترمذي ، قَالَ الحاكم أَبُو عبد الله :( إسناده صحيح ).

٢٤ رواه أحمد والترميذي وصححه الألباني.

٢٥ البقرة ٢٥٤

بێباوەڕان ستەمکارن.

وە لەو فەرمودەیەشدا کە (أبو هريرة) گێڕاوێتیەوە لە پێغەمبەرمانەوە(ﷺ) کە فەرمویەتی: (مَا نَقَصَتْ صَدَقَةٌ مِنْ مَالٍ.[٢٦]) واتە: بەخشین لە ڕێی خوادا لە ماڵ و سامان کەم ناکاتەوە.

وە باشترین بەخشین بەخشینی ئاوە، وەك بە صەحیحی لە پێغەمبەرمانەوە(ﷺ) گێڕدراوەتەوە(ﷺ) کە (سَعْدِ بْنِ عُبَادَةَ) لێی پرسیوەو گوتویەتی: دایکم مردووە دەتوانم خێروخێراتی بۆ ئەنجام بدەم؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمویەتی: (بەڵێ)ئەویش گوتویەتی چی باشترین شتە کە بۆی ببەخشمەوە؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمویەتی" (سَقْيُ الْمَاءِ.[٢٧]) واتە: بەخشینی ئاو.

٦- **قوربانی کردن:** کە یەکێکە لەو پەرستنانەی لە (١٠) یەم ڕۆژدا فەرمانی پێ کراوە لە دوای ئەنجام دانی نوێژی جەژن و ڕۆژانی دوایی، وە قوربانی کردن وەك زانایان باسیان کردووە، یەکێکە لە کارە شەرعیەکان بە کۆڕای موسوڵمانان، هیچ کەسێك پێچەوانەی ئەوەی نەگوتووە، بەڵکو هەندێك لەزانایان وا بۆی چون کە قوربانی کردن واجب بێت لە سەر ئەو کەسانەی کە دەسیان دەڕوات و هەبوون.

وە خوای گەورە دەفەرموێت: (ذَلِكَ وَمَنْ يُعَظِّمْ شَعَائِرَ اللَّهِ فَإِنَّهَا مِنْ تَقْوَى الْقُلُوبِ.[٢٨])

واتە: بەوشیوەیە هەرکەس دروشمەکانی خوا بە گەورە ڕابگرێت ئەوە نیشانەی تەقوای دڵەکانە.

یەکێك لە دروشمەکان بریتیە لە قوربانی کردن، بۆیە کوشتار و قوربانی کردن یەکێکە لەو کارانەی کە موسوڵمان خۆی لە خوا نزیك دەخاتەوە پێی.

**ئەوکەسانەی قوربانی ئە نجام دەدەن چیان لەسەرە:**

ئەوشتانەی کە پەیوەستن بە قوربانی کردنەوە ئەوەیە پێویستە لە دوای نوێژی جەژن سەر ببڕدرێت، وە دروست نییە پێش نوێژ سەر ببڕدرێت، چونکە لە (أنسی کوڕی مالك)ەوە فەرمودەیەکمان بۆ گێڕدراوەتە وە کە پێغەمبەرمان (ﷺ) فەرمویەتی: (مَنْ ذَبَحَ قَبْلَ الصَّلَاةِ فَإِنَّمَا ذَبَحَ لِنَفْسِهِ وَمَنْ ذَبَحَ بَعْدَ الصَّلَاةِ فَقَدْ تَمَّ نُسُكُهُ وَأَصَابَ سُنَّةَ الْمُسْلِمِينَ.[٢٩])

واتە: هەرکەس پێش ئەنجامدانی نوێژی چەژن قوربانیەکەی سەربڕیوە ئەوە وەکو خێرێك بۆخۆی سەری بڕوە، وە هەر کەسێك دوای ئەنجامدانی نوێژی چەژن قوربانیەکەی سەربڕیوە ئەوە قوربانیەکەی تەواوەو سوننەتی موسوڵمانانی پێکاوە.

---

٢٦ (رواه مسلم)

٢٧ ( رواه الإمام أحمد)

٢٨ الحج ٣٢ (وتعظيمها أي: استسمانها واختيار أفضلها وأغلاها وأنفسها)

٢٩ ( رواه البخاري)

هەروەها ئەو کەسەی کە نێتی ئەنجام دانی قوربانی هەیە پێویستە لەسەری کە بە هیچ جۆرێك "مو" لە خۆی نەکاتەو وە نینۆکی نەکات و هیچ پێستێك لە لاشەی خۆی نەکاتەوە هەر لە ١ی مانگەوە تاکو ڕۆژی (١٠)دەیەم کە قوربانیەکەی سەردەبڕێت. چونکە لە (أم سلمة) فەرمودەمان بۆ گێڕدراوەتەوە کە پێغەمبەرمان (ﷺ) فەرمویەتی: (إِذَا دَخَلَتِ الْعَشْرُ وَأَرَادَ أَحَدُكُمْ أَنْ يُضَحِّيَ فَلاَ يَمَسَّ مِنْ شَعَرِهِ وَبَشَرِهِ شَيْئًا) .وفي رواية (فَلْيُمْسِكْ عَنْ شَعْرِهِ وَأَظْفَارِهِ.[٣٠])

واتە: هەر کەس نێتی ئەنجامدانی قوربانی هەبوو با (١٠)ڕۆژی سەرەتای مانگی زیلحیجە بە هیچ شێوەیەك "مو "وە"پێست " لە لاشەی نەکاتەوە، یان "مو" لە خۆی نەکاتەوە و"نینۆك"نەکات لەو (١٠) ڕۆژەدا. تا قوربانیەکەی سەردەبڕیت دوایی ئازادە. (و بۆشی هەیە خۆی و ماڵومنداڵی لێی بخون وە لێی پاشەکەوت بکەن.)

## مەرجەکانی ئاژەڵی قوربانی:

١- **تەمەن:** پێویستە لە ئەنجامدانی قوربانیدا ڕەچاوی ئەو تەمەنە بکرێت بۆ ئاژەڵەکە کە لە شەرعدا هاتووە، ئەویش ئەوەیە کە شەکێك بێت لە مەڕدا. یان لە بزندا کە تەمەنی ساڵێك ببێت و پێی نابێتە دوو ساڵ.

شەك : بریتیە لەو مەڕەی کە شەش مانگی تەواو کردووە پێی ناوەتە حەوت مانگ، لە وڵاخ (گاو مانگا)دا پێویستە دوو ساڵی تەواو کردبێت وە هوشتریش پێنج ساڵی تەمەن بێت.

٢- **نەبونی هیچ عەیب و کەم و کوڕیەك:** چونکە لە (البراء)ەوە بۆمان گێڕدراوەتەوە کە گوێی لە پێغەمبەری خوا بووە(ﷺ) فەرمویەتی: (لَا يَجُوزُ مِنَ الضَّحَايَا أَرْبَعٌ: الْعَوْرَاءُ الْبَيِّنُ عَوَرُهَا، وَالْعَرْجَاءُ الْبَيِّنُ عَرَجُهَا، وَالْمَرِيضَةُ الْبَيِّنُ مَرَضُهَا، وَالْعَجْفَاءُ الَّتِي لَا تُنْقِي.[٣١])

واتە: چوار ئاژەڵ دەست نادەن بۆ قوربانی: کوێرێك کە پێوەی دیار بێت، شەلێك کە زۆر بشەلێت، نەخۆشێك کە لاوازی کردبێت، وە لەڕولاوازێك کە چەوری پێوەنەبێت.

داوا کارین لە خوای گەورەو میهرەبان کە هیدایەتمان بدات بۆ ئەو شتانەی کە خۆشی دەوێن و مایەی ڕەزامەندی خۆین.

کتبه/ ابن الأعزين.

---

٣٠ (رواه مسلم)

٣١ (الإمام أحمد وابن حبان في صحيحه)